حوكومەتی هەرێمی كوردستانی-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر

پەیمانگای تەكنیكی سۆران

بەشی : كارگێری كار

قۆناغی دووەم

راپۆرتێک دەربارەی:

# سیستەمی زانیاری كارگێری

<u>ئامادەكردنی قوتابی</u> :

محمد جمال میرخان

<u>مامۆستای بابەت</u>:

د. عیماد عزیز

( 2019-2020 )

## ناوەرۆک

پێشەکی..........................................................................3
سیستەمی کارگێڕی ئەلکترۆنی.......................................................4
سوەدکانی سیستەمی کارگێڕی ئەلکترۆنی........................................5
تایبەتمەندیەکان سیستەمی کارگێڕی ئەلکترۆنی...............................6
سیستەمی ئەرشیڤی ئەلکترۆنی و تایبەتمەندییەکانی...........................7
سەرچاوەکان....................................................................................8

## پێشەکی :

کارگێری وڵاتە دواکەوتووەکان ڕووبەروی چەندین کێشە هاتووە گرنگترین ئەم کێشانەش توشی بەڕێوبەری ڕێکخراوەکانی کار دەبێت بە تایبەتی لە ئاستی کارِگێری باڵا کەوا پێویستی بە هەوڵ و کۆشیشی زۆر هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە ، و ماوەیەکی زۆری پێویست دەبێت و ئەمەش هەر لەخۆوە چارەسەر نابێ بەبێ گوێدانە ستراتیژیەتی و دروستکردنی بریارەکان .

بۆیە وا پێویستی کرد کە کارگێری بیر لە ئامرازی پێشکەوت و نوێ بکاتەوە بۆ بەڕێوبردنی کاروباری رێکخراوەکان لە پێناو کەمکردنەوەی کارە رۆتینیەکان ، هۆکاری سەرەکی بیرکردنەوە لەم ئامرازە پێشکەوتوانە نەبونی توانای بەردەوامبوونی کارگێری بوو لە چارەسەری ئەم کێشانەی کەوا رووبەرووی دەبویەوە رۆژانە.

هەموو ئەمانە وایکرد کە کارِگێری ڕێکخراوەکان تێکەلی تەکنۆلۆژیاو سیستەمی ئەلیکترۆنی بن کە چەندین بواری گرتەوە تایبەت بەبواری بەرهەمهێنان و دارای بە بازارکردن و تاکەکان و .....هتد.

گشت کێشەکانی کارگێری خوارو لە شێوەی راوێژو و راپۆرت و نارەزایی دەگەینرا بە کارگێری باڵای رێکخراوەکان بۆ ئەوەی بتوانن سیستەمێک بێنە کایەوە کە چارەسەری گشت کێشەکان بکات ، کە بوونە هۆی لاوازی و سستی پرۆسە کارگێریەکان بە تایبەت کرداری دروستکردنی بریارەکان کە پێویستی بە زانیاری زۆر وورد هەبوو بۆ ئەوە بریاری گونجاو بدات بەڕێوبەر ،

بێ گومان زانیاریش بەبێ بونی سیستەمێک یان ئامرازێک ناتواندرێ کۆبکرێتەوە لە کاتی پێویست بەکار بخرێت بۆیە وا پێویستی کرد کەسیستەمێک درووست بکرێت کە کەمترین قەبارەی داگیر بکات و خێرابێت لە وەرگرتنی داتاو رووبەرو بوونەوەی پێشهاتەکان بۆیە تواندرا سیستەمی زانیاری بێتە کایەوە بەتایبەت لە دوای شۆرەشی پیشەسازی ئەوروپا ،

کە ئەم سیستەمی زانیاریە تواندرابوو لە پێشکەش کردنی زانیاری بەسود بۆ بەرێوبەران و کۆکردنەوەی زانیاری و بۆ دروست کردنی بریارە ستراتیژیەکان .

## سیستەمی کارگێری ئەلکترۆنی :

سیستەمیکی ئەلکترۆنییە کە یارمەتی دامەزراوەکان دەدات بۆ بەڕێوەبردنی باشتری دۆکیومێنتەکان و نوسراوەکانیان ، هەر لە تۆمارکردنی نوسراو یان نامەیەک کە لە دەرەوە دێتەناو دامەزراوەکە بە سکان کردنی نامە و تۆمارکردنی لە ناو سیستەمە لە یەک کاتدا چەن کرداریک دەچنە بواری جێبەجێکردن.

1- نامە تۆماری ئەلکترۆنی دەکرێت.

2- لە بوکس فایلی ئەلکترۆنی ئەرشیف دەکرێت.

3- بە ئاسانی و بە بێ هێچ کۆپی کردنیک و بەکارهێنانی کاغەزیک هەر چەند وێنەیەک پێویست بێت ڕەوانە دەکرێت بۆ کەسانی پەیوەندیدار

4- پرۆسەی سورانەوەی ئەلکترۆنی دەستپیدەکات نوسراو بە شێوەی ئەلکترۆنی بۆ شوین یان کەسی مەبەست رەوانە دەکرێت پاشان کەسەکە کاری پێویستی لە سەر دەکات و هامشی خۆی دەنوسیت و بە کلیکیک رەوانەی کەسی مەبەستی تری دەکات ئەم پرۆسەیە تا کۆتایی هاتنی کارەکە بەردوام دەبێت و ئەگەر لە کۆتایدا پێویست بە دەرچونی نوسراوەکە بۆ شوێنیکی تر دەکات ئەوا ڕەۆانەی بەشی دەرچوو دەکرێت و نوسراوەکە تۆماری دەرچوو دەکرێت و چاپ دەکرێت و ڕەوانە دەکرێت بۆ لایەنی مەبەست.

لەدیزان کردنی سیستەمی کارگێری ئەلکترۆنی پاتریس، ئامانج و بۆچوونێکی نوێ ی بەکار هێناوە کە بەدابینکردنی کۆمەڵێکی بەربڵاو لەتواناکان لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا، دامەزراوەکە بەرەو بەرێوەبردنێکی ئەلەکترۆنیکی (e-office)ی ڕاستەقینە ڕێنوێنی دەکات.

بە بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیە گشت کاروبارەکان بەخێراییەکی بەرچاو ڕایی دەکرێن وئەمەش خواستی گشتی بۆ بەکارهێنانی زۆرتر کردووە..

لەڕێی ئەم بەرنامەیەوە دەتوانرێ داتاکان بپارێزرێت بەشێوەیەک کەتەنها ئەو کەسانە بتوانن بەکاری بهێنن کە ڕێگەپێدراون..

بە بەکارهینانی ئەم بەرنامەیەوە تێچوون کەمتر و قازانج زۆرتردەبێت، هاوکات بەرهەمهێنان زیاد دەکات، لەلایەکی ترەوە کاتێکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراوەکەت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی .

## سوەدکانی سیستەمی کارگێری ئەلکترۆنی :

1 - خێرایی لە جێبەجێکردنی کارەکان.

2- ئەرشیفی ئەلکترۆنی ، توانای دروستکردنی ئەرشیف و بوکس فایلی جۆراوجۆر.

3- کەم کردنەوەی خرجی بە شێوەی مادی و مەعنەویی.

4- کەمتر بەکارهێنانی کاغەز ، چاپ ، پرینتەر ، حبر.

5- ڕێگەگرتنی تەواو لە فەوتان و دزە پێکردنی بەڵگەکان.

6- نەهیشتنی ماوەی نێوان دامەزراوە لە گەڵ ئۆفیس و بەشەکانی..

7- گەران و دوزێنەوەی بەڵگە و نوسراوەکان بە چەند چەرکەیەک.

8- کەمکردنەوی ڕۆتین.

9- سکیوریتی زۆر بەهێز .

## تایبەتمەندییەکان سیستەمی کارگێری ئەلکترۆنی :

- Web Base بەردەست بوونی سیستەم لە هەر شوین و کاتێکدا بە بێ پیویست بوون بەدابەزاندنی سۆفتویر.
- User Friendly بەکارهێنانی زۆر ئاسان.
- Multi Organization تۆانای یەکپارچەکردنەوەی دامەزراوە بە هەموو بەش و ئوفیسەکانی.
- Scalability کەم نەبوونەوی خێرایی سیستەم لە کاتی زیاد بوونی نوسراو و دۆکێومێنتەکان و ئەرشیفەکان.
- Permission توانای جێاکردنەوەی دەسەلاتەکان بۆ کارمەندان و بەڕێوەبەران.
- توانای دروستکردنی هاتوو و روشتوو و ئەرشیفی تایبەت بۆ نوسراوە نهێنیەکان.
- توانای هاوپێچ کردنی هەموو جۆرە فایلیک ، نەخشە ، ڤیدیو ، دەنگ ، هتد....
- توانای دروستکردنی زنجیرەی بەڵگە بە بەڵگە پەیوەندیدارەکانی هەمان بەڵگەوە.
- توانای دروستکردنی ئەرشیفی کەسی بۆ خوودی کارمەند.
- توانای دروستکردنی ئەرشیف بۆ هەر بەشیک.
- توانای هاوبەشی کردنی بەڵگەیەک و کارکردنی هاوکات چەند کەس لە سەر یەک بەڵگە.
- توانای بینینی ڕێرەوی بەڵگە.
- توانای بەدواداچوون بۆ بەڵگەکان بە چەند کلیکیک.
- توانای رەوانە کردنی نوسراو لە دامەزراوەیەک بۆ ئوفیسەکانی تر تەنها بە چەند کلیکیک.
- ڕاپۆرتی ڕۆژانە – مانگانە – ساڵانە لە نوسراوە هاتوو – دەرچوو و ناوخۆییەکان.
- ڕاپۆرتی چالاکی کارمەندان.
- توانای دروستکردنی کلێشە بۆ نوسراوەکان و ئامادەکردنی رەشنووسی نوسراوەکان.
- توانای دانانی مۆڵەتی وەڵام دانەوە لە سەر نوسراوە ڕەوانەکراوەکان.
- توانای نوسین و واژوکردن لە سەر نامەکان بە قەلەمی تیشکی.
- توانای سکان کردنی ڕاستەوخۆ 60 لاپەڕە لە یەک خولکدا بۆ ناو سیستەم.
- توانای هاوبەشی پێکردن و ناردنی فایل لە نێوان کارمەندان.
- توانای بەکارهێنانی بەرنامەی MS-Word لە ناو خودی سیستەمدا بۆ تایپکردنی ئاسان.
- توانای ناردن و وەرگرتنی نوسراو لە ڕیگای ئیمەیلەوە لە ناو سیستەم.
- توانای ناردنی کورتەنامە بۆ لایەنی مەبەست و ئاگادرکردنەوەی لە رەوشی نوسراو یان داوکاری.
- و چەندها توانایی و تایبەتمەندی تر...

## سیستەمی ئەرشیڤی ئەلکترۆنی :

لە دونیای پەیوەندییەکاندا ، دەستگەیشتنی خێرا بە بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکان گرنگیکی تایبەتی هەیە لە ناو دامەزراوەکان ، کۆمپانیاکان.

و هەروەها پارستنیان لە فەوتان – دەزەپێکردن – و دەستکاریکردنی رێگەپێنەدراو لە ئەولەویەتی هەر دامەزرویەکە بۆ پاراستنی بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکانی ئەم دۆکیۆمێنتانە دەتوانیت بەڵگەنامە ، نەخشە ، فایلی ڤیدیو و دەنگ ، گرێبەست و هتد... بێت.

وە هەروەها کەمکردنەوەی خەرجی هەڵگرتنی ئەرشیڤەکان. .

سیستەمی ئەرشیڤی ئەلکترۆنی پاتریس ، سیستەمیکی زۆر بە تواناییە کە بەکارهێنانی زۆر ئاسانە بۆ ئەرشیڤی ئەلکترۆنی بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکانی دامەزراوە و کۆمپانیاکان.

## تایبەتمەندییەکان :

- توانای دروستکردنی چەندین ئەرشیڤی جیاواز بە پولینکردنی جیاواز.
- توانای دروستکردنی بوکس فایل و چەندین بوکس فایل لە ناو یەک بوکس فایلدا.
- توانای دیاریکردنی فورمولەی ژمارە لێدان ئۆتۆماتیک بۆ بەڵگە ئەرشیڤ کراوەکان.
- دیاری کردنی ئاستی دەستگەیشتنی کارمەندان بە ئەرشیڤەکان.
- تۆمارکردنی زانیاری بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکان جۆری دۆکیۆمێنت ، پوڵین و ژێر پوڵین ، کلیل وەشەکان ، ڕونکردنەوەی بەڵگە ، بابەتی بەڵگە ، دیاری کردنی تۆمارکەری بەڵگە ، بەرواری تۆمار و دواهەمین ئەپدیتی بەڵگە و هتد....
- دیاری کردنی ئاستی بینینی بەڵگە بۆ هەمووان ، تەنها بەڕێوەبەران یان کەسی تایبەت.
- توانای دانانی یاداشت لە سەر بەڵگە.
- توانای هەڵگرتنی بەڵگە کان لە قەبارەی زۆر.
- توانای دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان سیستەمی ئەرشیف و سیستەمی کارگێری ئەلکترۆنی.
- توانای گەران بە شێوەی سادە و پێشکەوتوو.
- توانای وەرگرتنی باکاپ بە شێوەی ئۆتۆماتیک.
- توانای بە ئەمانت پێدان و بەڵگەکان و دۆکیۆمێنتیک .

سەرچاوەکان :


1. پ. ی. م سامی صابر عبدالله ، پ. ی. م دلاوەر جەلال غریب ، م. عبدالرحمان زرار عبدالرحمان هتد... ، کتێبی سیستەمی زانیاری کارگێری ، سالی چاپ 2018 .
2. زانا مجید صادق ، کتێبی کارگێری بەبازار خستن .
3. جمیل عبدالکریم عبدالله ، کتێبی بەڕێوەبردنی بەبازار خستن و بازرگانی ئەلیکترۆنی .
4. زانا مجید صادق ، کتێبی بنەماکانی زانستی بەڕێوەبردن ، سالی چاپ 2015 .
5. انتەرنێت ویکیپیدیا .